# جیهانبینییەکی شێوەکاری
# لە نێوان بە سیمبۆلکردنی قەڵای هەولێر و وەهمی پێشکەوتندا

ئازا حەسیب قەرەداخی

## لە بەراییدا

هونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردی، لە نێوان پاراستنی «ناسنامەی نەتەوەیی» و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە «سەردەمی مۆدێرنە» لە ناو جەرگەی ململانێیەکی بەردەوامدایە. لە ناو ئەم گۆڕەپانە پڕ لە تەوژمەدا، ئەزموونی هونەرمەند (نامیق عەلی قادر) وەک یەکێک لە ئەزموونە هەرە جیاواز و فرەڕەهەندەکان دەردەکەوێت.

ئەم وتارە، هەوڵێکی خاکیی منە، بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی جیهانبینیی ئەم هونەرمەندە.

هونەرمەند نامیق عەلی، لە ماوەی نزیکەی نیو سەدە ئەزموونی نەپساوەی شێوەکاریدا، کە بەشبەحاڵی خۆم، وەک هاوڕێ، ئاشنایەتی نزیکم لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا هەیە، تەنیا وەک نیگارکێشێک مامەڵە لەگەڵ ڕووبەری تابلۆدا ناکات، بەڵکوو وەک لێکۆڵەر و گەڕیدەیەک بە دوای مانا ونبووەکانی مرۆڤدا دەگەڕێت.

تابلۆکانی لەلایەکەوە شوێن بە گشتی و «قەڵای هەولێر» بە تایبەتی، لە فۆرمە فیزیکی و جوگرافییەکەی دادەماڵێ و دەیکاتە «ئایکۆن»ێکی میتافیزیکی. قەڵا لای ئەو تەنیا شوێن نییە، بەڵکوو چەقێکی جێگیرە بۆ مانەوە لەناو گەردەلوولی گۆڕانکارییەکاندا. لە لایەکی ترەوە، ڕەخنەیەکی توندی فیکرین بۆ ئەو جووڵە خێرایەی کە مرۆڤی هاوچەرخ ناوی ناوە «پێشکەوتن».

لای ئەم هونەرمەندە، بە تایبەتی لە دوا پیشانگەیدا (وەهمی پێشکەوتن. گەلەری میدیا، هەولێر، ٢٠٢٥/١٠/٧) پێشکەوتن وەک «وەهمێک» وێنا دەکات، کە پەردەیەکی ڕەنگاڵە و بریقەدارە، بەڵام لە پشتییەوە مرۆڤێکی شێواو، تەنیا و دابڕاو لە ڕەگەکانی، شاردراوەتەوە.

ئەم شیکارییەی من، لە ڕێگەی کۆڵینەوە لە تەکنیک و ستایل و کەرەستە ماتریاڵییە جۆراوجۆرەکانەوە (وەک بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی، ئەکلیریک، پاستیل، گوێنی، ئاسن و ڕژانی ڕەنگ) و خوێندنەوەی فۆرمە ئەبستراکتەکان لەناو تابلۆکانیدا، هەوڵ دەدات ئەو پێوەندییە دیالێکتیکییە بدۆزێتەوە، کە لە نێوان «جێگیریی

قەڵا» و «وەهمی پێشکەوتنی مرۆڤ»دا هەیە.


هەوڵم داوە کە نەک هەر شیکارییەکی ئیستێتیکی (جوانیناسی) بۆ کارەکانی ئەم هونەرمەندە بکەم، بەڵکوو بچمە ناو قووڵایی ئەو ململانێ هزرییەی کە مرۆڤی کورد لە سەدەی بیست و یەکدا تێیدا دەژی، ململانێیەک لە نێوان «بوون»ێکی ڕەسەن، کە قەڵا نوێنەرایەتی دەکات و «بوون»ێکی ساختە کە بە ناوی پێشکەوتنەوە خەریکە مرۆڤ لە جەوهەری خۆی دادەماڵێت.

نامیق عەلی قادر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی توانیویەتی لە ڕێگەی ستایل و فۆرم و ڕەنگ و کەرەستەی جۆراوجۆرەوە زمانێکی تایبەت بۆ گوزارشتکردن لە ناسنامەی کوردی بدۆزێتەوە.

### ١- ڕەنگ و فیگەر وەک دوو بینراوی ئەبستراکت لە کارەکانی نامیق عەلی قادردا

ڕەنگ و فیگەر تەنیا ئامرازێک نین بۆ پڕکردنەوەی ڕووبەرەکان، بەڵکوو خودی خۆیان دەبنە «بابەت». ڕەنگ و فیگەر لە ماناوە دەگۆڕرێن بۆ «بوون» وەک ئەوەی هونەرمەندی شێوەکار تەنیا شێوەکار نەبێت، بەڵکوو (ئۆنتۆلۆژیست)یش بێ. بە واتایەکی دی، نامیق عەلی قادر ڕەنگ و فیگەر وەک «دیاردە» دەبینێت. ئەم دیاردەیەش وابەستەی شوێنە و لە شوێنەوە فۆرم و ڕەنگی خۆیان وەردەگرن.

ئەبستراکتکردن گەڕانە بەدوای جەوهەردا: کاتێک هونەرمەند فیگەرەکە ئەبستراکت دەکات، ئەو نایەوێت «ڕووکار»مان وەک خۆی نیشان بدات، بەڵکوو دەیەوێت «جەوهەری مرۆڤ» لە ناو ململانێی ژیاندا وێنا بکات، هاوکات دەیەوێ ئێمەی بینەریش مرۆڤەکان و دەوروبەری بەو



نامیق عەلی قادر

جۆرە ببینین، نەک بەو جۆرەی باوە و پێی ڕاهاتووین، ئەمە کردەیەکی بوونگەراییە. هونەرمەند پێمان دەڵێ مرۆڤ لێرەدا لە ناو گێژەنی هێڵەکاندا (کە هێمایە بۆ ئاڵۆزییەکانی ژیان) خەریکی دروستکردنی خۆیەتی.

*** ڕەنگ وەک پانتاییەک بۆ زانین**

ڕەنگ لای نامیق عەلی تەنیا جوانکاری نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ زانین. ڕەنگی زەرد و نارنجیی گەش کە لە زۆربەی تابلۆکاندا زاڵە، هێمایە بۆ «ئاگایی» و «ڕووناکبیری» کە لە ناو تاریکیی نەزانیندا (ڕەنگی ڕەش و قاوەیی تاریک) دەدرەوشێنەوە، ئەمە جۆرێکە لە دووانەیی نێوان ڕووناکی و تاریکی، یان زانین و نەزانین.... تاد

*** ڕەنگ وەک وزە:**

لە چەندان تابلۆدا ڕەنگی زەرد و نارنجیی گەش وەک گڕکانێک لە ناو جەرگەی تابلۆکاندا دەردەکەون. لێرەدا ڕەنگ مانا فیزیکییەکەی خۆی (وەک ڕەنگی خاک، یان ئاگر) تێدەپەڕێنێت

و دەبێتە هێمایەک بۆ وزەی بەردەوامی و ژیان لە ناو تاریکیدا.

*** فیگەر لە ناو ئەبستراکتدا**

هونەرمەند فیگەر (چ مرۆڤ بێت، یان شوێن و نیشتمان بێت- بۆ نموونە قەڵای هەولێر)، لە قاڵبە کلاسیکییەکەی دەردێنێت. ڕوخساری مرۆڤەکان تێکەڵبوونێکی ئاڵۆزی هێڵ و ڕەنگە، کە تێیدا مرۆڤ دەبێتە بەشێک لەو گێژەنە ڕەنگییەی دەوروبەری. لێرەدا فیگەر وەک «مانا» ئامادەیە نەک وەک «شێوەی ڕاستەقینە».

هونەرمەند بە ڕەنگ و فیگەر لە ڕووبەرێکی ئەبستراکتکراودا یارییەکی بوونگەرایی بە بینین و مانا و کات و شوێن دەکات.

**٢- گۆڕینی ستایلی کارکردن لەگەڵ هێشتنەوەی ئاراستە سەرەکییەکان**

بە وردبوونەوە لە کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەند لە ئەزموونی ساڵەهای ساڵیدا، هەست بە گۆڕانکاری بەردەوام لە ستایل و بەکارهێنانی ماتیریال و تەکنیکدا دەکەین تا دەگات بەو کارانەی بە شێوازی گرافیکن، بەڵام ڕۆحی بەرهەمەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو جێگیر و نەگۆڕن.

*** تەکنیک و ماتیریال**

هونەرمەند لە نێوان تابلۆی زەیتی و ئەکریلیک و گرافیک و بەکارهێنانی «گوێنی» و قوماش، تەنانەت کارکردن لەسەر ئاسن و قاڵبی براو، دێت و دەچێت. ئەم گۆڕانکارییە لە ستایلدا، گەڕانە بەدوای «بەرجەستەیی». ئەو دەیەوێت بینەر تەنیا بە چاو تابلۆکە نەبینێت، بەڵکوو هەست بە زبری خاک و شوێن، تەنانەت کات بکات. گۆڕانی ستایل لای هونەرمەند بە



بەردەوامی، نیشاندەری گۆڕانکارییە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی بۆ «ماتریاڵ و کەرەستەکان».

*** ماتریال وەک یادەوەری**

بەکارهێنانی «گوێنی» و «ئاسنی ژەنگگرتوو»، ئایدیایەکی لە پشتە کە دەڵێت: «هونەر تەنیا کێشان نییە، بەڵکوو دەستلێدانە لە ڕاستی». ئەو دەیەوێت زبریی مێژوو و ئازاری خاک، لە ڕێگەی زبریی ماتیریاڵەکانەوە بگەیەنێت.

لەو کارانەی کە لەسەر ئاسن براون، یان هەڵکۆڵراون، «بۆشایی» دەبێتە بەشێک لە کارەکە. لێرەدا ئایدیای (پڕی و بەتاڵی) دێتە ئاراوە، ئەوەی کە نەبراوە (ئاسنەکە) و ئەوەی کە براوە و بەتاڵە (بۆشاییەکە) پێکەوە فۆرمەکە تەواو دەکەن، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئامادەنەبوونی شتەکان (کۆچ، ونبوون، مەرگ)، هێندەی ئامادەییان کاریگەرییان لەسەر ناسنامەی ئێمەدا هەیە.

*** ئاراستە سەرەکییەکان**

سەرەڕای گۆڕانی ستایل (لە دەربڕینخوازییەوە بۆ ئەبستراکت و میکس میدیا)، ئاراستە سەرەکییەکە هەر «ناسنامە و زێد»ـە. ئەو ململانێیەی لە نێوان ڕووناکی و تاریکیدا لە

تابلۆکاندا هەیە، هەمان ئەو ململانێییەیە کە لە زبریی قوماشی گوێنییەکە و شێوە بڕدراوەکانی سەر ئاسنەکەدا دەبینرێت.

### ٣- قەڵا: نۆستالیژیایەک لە نێوان «فەزای فیزیکی» و «مەودای میتافیزیکی»

ئایا قەڵا لای هونەرمەند سیمبۆلە، یان خەیاڵ؟ لێرەدا تێگەیشتن لە «شوێن» دێتە ئاراوە:

بۆ نامیق عەلی، قەڵا تەنیا شوێنەوارێکی کۆن نییە، بەڵکوو خاڵی جێگیری ناسنامەیە لە جیهانێکی گۆڕاودا. قەڵا لە تابلۆکانیدا سیمبۆلێکە لە کۆهەستایە. هێمایەکە بۆ «دایک»، «پەناگە» و «ڕەگ». بەم لێکدانەوەیە، قەڵا لە کارەکانی نامیق عەلی قادردا تەنیا کێشانی شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو گۆڕاوە بۆ «ئایکۆن»ێکی سیمبۆلی.

*** قەڵا وەک سیمبۆلی مانەوە**

کاتێک هونەرمەند قەڵا بە ڕەنگێکی زێڕینی مۆنۆکرۆم (یەک ڕەنگی) دەکێشێ، جۆرێک لە پیرۆزیی پێ دەبەخشێت و دەیکاتە هێمای مێژوویەکی نەبڕاوە، کە لە ناو تەمومژی کاتدا قیت ڕاوەستاوە.

ئەگەر قەڵا خەیاڵێکی هونەرییە، ئەوە لای هونەرمەند ئەم خەیاڵە بۆ بەرزکردنەوەی مانایە. قەڵا دەبێتە شێوەیەکی شینی ئاسمانی کە لەسەر بنکەیەکی تاریک ڕاوەستاوە، ئەمە خەیاڵێکی هونەرییە کە قەڵا لە زەوی دادەبڕێت و دەیکاتە «نموونەیەکی باڵا». قەڵا لێرەدا چیتر تەنیا هێی هەولێر نییە، بەڵکوو دەبێتە سیمبۆلی «ماڵ» و «پەناگە» بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد.



نامیق عەلی زۆر بایەخ بە شوێن دەدات، بۆیە خەیاڵی هونەریی لەبارەی شوێنەوە وەک ڕاستییەکی باڵایە. کاتێک قەڵا بە شێوەیەکی خەیاڵی و ئەفسانەیی دەکێشرێت، هونەرمەند دەیەوێت بڵێت کە «ڕاستی شوێن تەنیا ئەوە نییە کە دەیبینین، بەڵکوو ئەوەیە کە هەستی پێ دەکەین». لێرەدا قەڵا لە فۆرمە جوگرافییەکەی دادەماڵرێت و دەبێتە «کۆهەستێکی نەتەوەیی»، تەنانەت کە بە داگیرساوی نیشانی دەدات، ئەفسانەی (قەقنەس)مان بیر دێنێتەوە، نیشتمانێک کە لە ناو خۆڵەمێشی خۆیدا دووبارە لەدایک دەبێتەوە.

کەواتە قەڵا لای هونەرمەند، تێکەڵەیەکە لە ڕاستی و خەیاڵ. ڕاستییەکەی لە «بنیاد» و فۆرمەکەیدایە، بەڵام خەیاڵەکەی لەو «هەست و مانایە»دایە کە هونەرمەند پێی دەبەخشێت. جارێک وەک ئاگر دایدەگیرسێنێت و جارێکیش وەک بەرزاییەکی ئەفسانەیی نیشانی دەدات.

قەڵا لای هونەرمەند ئەو بنیادە نییە کە ئێستا لەبەر چاومانە، بەڵکوو نۆستالیژیایەکی زاڵە، تا ئەو ڕادەیەی خۆی بە تەنیا دەتوانێ گوزارشت لە هەموو شتێکی تر بکات، بۆیە لە حزووری قەڵادا مرۆڤیش بزر دەبێ.

## ٤- ژینگە لە تابلۆکانی نامیق عەلی قادر دا کۆکەرەوەی کات و شوێن و مانا جیا جیاکانە

ژینگە لە تابلۆکانی هونەرمەند (نامیق عەلی قادر)دا تەنیا وەک «پاشبنەما - باکگراوند»، یان «دیمەنێکی سروشتی» دەرناکەوێت، بەڵکوو ژینگە لای ئەو «ژینگەیەکی کولتووری و مێژوویی و دەروونییە». ئەو ژینگەی کوردستان لە فۆرمە کلاسیکییەکەی (چیا و دار و ئاو) دادەماڵێت و دەیگۆڕێت بۆ تاقیگەیەک، بۆ ڕەنگ و ماتریاڵ کە گوزارشت لە ناسنامەی مرۆڤ و زێد دەکات.

بۆیە ئەم بابەتەم بەلاوە جێی بایەخە و ئەم بەشەی نووسینەکەم بۆ تەرخان کردووە، چونکە لە دوا پیشانگەی نامیق عەلی قادردا، ژینگە بابەتێکی سەرەکی بوو. لێرەدا ڕەهەندەکانی ژینگە لە کارەکانیدا بەم شێوەیە پۆلێن دەکەم:

* ژینگەی خاک و ماتریاڵ (پێوەندی لەگەڵ زەویدا)

* هونەرمەند لە زۆر تابلۆکانیدا، ژینگە وەک «خاک»، واتە شوێن، نیشان دەدات.

* ڕەنگی خاک: بەکارهێنانی ڕەنگە گەرمەکانی وەک قاوەیی، ئۆکەر و زەردی تێر، ژینگەیەکی وشک و ڕەقمان نیشان دەدات کە لەگەڵ سروشتی قەڵا و دەشتی هەولێردا بە گشتی دەگونجێت.

* زبریی ژینگە: کە قوماشی «گوێنی» بەکاردەهێنێت، لێرەدا ژینگە دەبێتە شتێکی بەرجەستە. بینەر هەست بە زبری و ماندوێتی ئەو خاکە دەکات. ژینگە لای هونەرمەند «پاک و خاوێن و بێدەنگ» نییە، بەڵکوو ژینگەیەکی کارتێکراو و پڕ لە ململانێیە.

* ژینگەی نیشتەجێبوون (قەڵا وەک چەقی ژینگە): هونەرمەند قەڵا وەک نوێنەری کات و مێژوو «ژینگەی شارستانی»، تەنانەت مرۆڤەکانیش وێنا دەکات.



* ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت: قەڵا لە کارەکانیدا جیاواز نییە لەو گرد و خاکەی لەسەری وەستاوە. ڕەنگەکان وایان لێ کراوە کە قەڵا وەک ئەوە دەربکەوێت کە لە خاکەکەوە ڕوابێت، ئەمە نیشاندەری ئایدیایەکە کە دەڵێت «بیناسازیی کورد بەشێکە لە ژینگە سروشتییەکەی».

* ژینگەی گۆڕاو: ژینگەی دەوروبەری قەڵا شێواوە و ڕەنگی سوور تێیدا زاڵە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ژینگەیەکی هەڕەشەلێکراو و پڕ لە تەوژمی سیاسی و جەنگ، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیمای شارستانیمان هەبووە.

* ژینگە ئەتمۆسفێری نێوان (تەم و ڕووناکی): نامیق عەلی قادر بایەخێکی زۆر بە «کەشوهەوا»ی ناو تابلۆ دەدات، زۆر جار ژینگە لای ئەو تەمومژاوییە. ئەم تەمومژە مەرج نییە تەنیا بە هۆی پیسبوونەوە بێ، بەڵکوو دەشێت تەمومژێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت.

* گێژەنی ڕەنگ: لە ژمارەیەک تابلۆدا ژینگە وەک «گێژەن» دەرکەوتووە. هێڵەکان دەڕژێن و تێکەڵ دەبن. ئەمە ژینگەیەکی «ئیستێتیک» و ڕاوەستاو نییە، بەڵکوو ژینگەیەکی زیندووە کە لە ناو «گۆڕانکاری»دایە.

* ڕووناکی وەک توخمێکی ژینگەیی: ڕووناکی لە کارەکانیدا لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە نایەت، بەڵکوو وەک ئەوە وایە لە ناو جەرگەی خاکەکەوە بتەقێتەوە، ئەمە ژینگەی کوردستان وەک «سەرچاوەی وزە و مانەوە» نیشان دەدات.


* ژینگەی دەروونی و مرۆیی: لە تابلۆکاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان «مرۆڤ» و «ژینگە»دا نییە.تا ڕادەی توانەوەی فیگەر لە ژینگەدا. ڕوخسارەکان بە هەمان ئەو تەکنیک و ڕەنگانە کێشراون کە «گرد و قەڵا»کانی پێ کێشراوە، ئەمە گوزارشتە لەوەی کە «مرۆڤ وەچەی ژینگەکەیەتی». ئازار و شێواویی ژینگەکە، ڕاستەوخۆ لە ناو دەموچاو و جەستەی مرۆڤەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. زۆر جار ئەم تواندنەوەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی مرۆڤەکان کارەکتەر نەبن، بەڵکوو توخمێکی تەواوکەری شوێن و ژینگە بن. بوونەوەرێکی خاوەن پێگە، یان چەقی ململانێی تابلۆکە نەبن، بەڵکوو لە تەوەردا شێواو و بەشدارێکی ناکارا بن.

**٥- پرسی پێشکەوتن و وەهمی پێشکەوتن**

ناوونیشانی دوایین پێشانگەی هونەرمەند نامیق عەلی قادر (وەهمی پێشکەوتن) کلیلی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەو تەمومژ و شێواوییەی لە تابلۆکانیدا دەبینرێت.

لە ڕوانگەی کارەکانییەوە، پێشکەوتن نەک هەر جووڵەیەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو «وەهمێکی ڕەنگاڵەییە» کە مرۆڤی هاوچەرخی تێدا گیرساوەتەوە.

* ململانێی ڕەنگ و فۆرم: ڕووکەشی گەش و ناوەڕۆکی شێواو. ڕەنگی زەرد و نارنجی زۆر گەش دەبینین. لەوانەیە لە سەرەتادا وا هەست بکەین ئەمە نیشانەی گەشبینی و پێشکەوتنە، بەڵام



کاتێک ورد دەبینەوە، دەبینین ئەم ڕەنگانە لە ناو گێژەنێکی تەمومژاوی و هێڵە شێواوەکاندا دەخنکێن. وەهمەکە لێرەدایە، هونەرمەند دەمانخاتە ناو وەهمی جوانیی ڕەنگەکانەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو ڕەنگە گەشانە تەنیا «پەردەیەک»ن بۆ شاردنەوەی ئەو ئازار و شێواوییەی لە ناو قووڵایی تابلۆکەدان. بە واتایەکی دی پێشکەوتن تەنیا گۆڕینی ڕەنگی ڕووکەشە، نەک گۆڕانی جەوهەر.

*** قەڵا: جێگیرییەک لە ناو وەهمی جووڵەدا.**

لە تابلۆکانیدا قەڵا وەک «خاڵێکی جێگیر» دەردەکەوێت، لە کاتێکدا هەموو دەوروبەری خەریکی توانەوە و ڕژانە.

کەواتە: جیهانی دەوروبەر بانگەشەی «پێشکەوتن» و جووڵە دەکات، بەڵام قەڵا (کە سیمبۆلی ڕەگ و مێژووە) بە بێدەنگی وەستاوە و پێمان دەڵێت: ئەم جووڵانەی ئێوە دەیبینن، پێشکەوتن نییە، بەڵکوو تەنیا «خولانەوەیە لە ناو بازنەیەکی داخراودا».

ئەو «وەهمی پێشکەوتن»ـەی هونەرمەند باسی دەکات، لێرەدا دەردەکەوێت، ئێمە وا دەزانین بەرەو پێش دەچین، بەڵام ڕاستییەکەی لە جێگەی خۆماندا دەتوێینەوە.

بەکارهێنانی «گوێنی» و «ئاسنی ژەنگگرتوو»، بەڵگەی هەرە بەهێزن بۆ (وەهمی پێشکەوتن)، چونکە ئاماژەی گەڕانەوەیە بۆ سەرەتا.

لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و «پێشکەوتن»ی ماددیدا، نامیق عەلی بۆ بەکارهێنانی زبرترین و سادەترین ماتریاڵەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە جۆرێکە لە ڕەخنەی ئایدیایی. ئەو دەڵێت مرۆڤ هەرچەندە بەرەو پێش بچێت، هێشتا هەر ئەو بوونەوەرە زبر و بریندارەیە کە لە ناو «گوێنی» و «ئاسن»دا دەژی. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی تەنیا وەهمێکە کە ناتوانێت زبریی ژیانی مرۆڤی کورد و مێژووە خوێناوییەکەی بشارێتەوە.

*** توانەوەی فیگەر**

ونبوونی مرۆڤە لە ناو «پێشکەوتن»دا، یان بڵێین مرۆڤەکان بە تەواوی لە ناو هێڵە جووڵاو و ئاڵۆزەکاندا بزر بوونە.

ئەمە گەورەترین نیشانەی وەهمی پێشکەوتنە، لە دنیایەکدا کە باس لە «پێشکەوتنی مرۆڤایەتی»ی دەکرێت، مرۆڤ لای نامیق عەلی قادر ناسنامەی خۆی لەدەست داوە و بووەتە تەڵخییەک لە ناو ڕەنگدا. پێشکەوتنێک کە مرۆڤ بکاتە «تەم» و «وێنەیەکی شێواو»، پێشکەوتن نییە، بەڵکوو پاشەکشەیەکی ڕۆحییە.

## لە کۆتاییدا، کۆکراوەی تێڕوانینەکانم

تابلۆکانی نامیق عەلی قادر، گوزارشتن لە گەڕانێکی بەردەوام بەدوای فۆرمی نوێدا، بۆ دەربڕینی نۆستالیژیای شوێن و هەستە کۆنەکان. ئەو بە بەکارهێنانی ڕەنگی گەرم و زەق، تەمومژ، تەکنیکی جیاواز و هێما نەتەوەییەکان (وەک قەڵا)، توانیویەتی کارەکتەرێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، تێیدا هونەری مۆدێرن، خزمەت بە گێڕانەوەی مێژوویی و ناسنامەی نەتەوەیی دەکات. بە واتایەکی تر، هونەری نامیق عەلی قادر، «هونەری گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە».

ئایدیای ئەو لەوەدا کورت دەبێتەوە کە مرۆڤی کورد دەبێت لە ناو مۆدێرنێتەدا، ڕەگ و ناسنامەی خۆی (کە قەڵا و خاک و ماتیریاڵە خۆماڵییەکانە) بدۆزێتەوە. ئەو تەنیا تابلۆ ناکێشێت، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕەنگ و کەرەستە جۆراوجۆرەکانەوە خەریکی «نەخشاندنی بوونی کورد»ە لەسەر ڕووبەرێکی جیهانیدا، لەمەدا زۆر جار مرۆڤ بزر دەبێت و تەنیا شوێن دەمێنێت، یان مرۆڤ لە بۆتەی شوێندا دەتوێنێتەوە.

ژینگە لە تابلۆکانی (نامیق عەلی قادر)دا، تەنیا وێناکردنی دەرەوە نییە، بەڵکوو «ژینگەیەکی ناسنامەیی»یە. ئەو ژینگەی کوردستان بە هەموو زبری و ڕەقوتەقییەوە، بە مێژوو و ململانێکانییەوە بۆ سەر ڕووبەری تابلۆ دەگوێزێتەوە. ژینگە لای ئەو «دایک»ە، «قەڵا»یە و «خاکێکی پڕ لە ئاگر و تەم»ە کە مرۆڤی کورد ناتوانێت خۆی لێ جیا بکاتەوە، تەنانەت لە ئاست حزووری ژینگە و شوێندا، دەکرێ مرۆڤ کارەکتەرێکی کارا نەبێت، بەڵکوو تەواوکەر بێت.

پێشکەوتن لە تابلۆکانی هونەرمەنددا جووڵەیەکی وەهمییە. ئەو پێمان دەڵێت: ئێمە فۆرمەکانمان گۆڕیوە (لە تابلۆی کلاسیکییەوە بۆ ئەبستراکت و میکس میدیا)، بەڵام ئازارەکانمان هەر وەک خۆیانن.

ڕەنگەکانمان بریقەدار کردووە، بەڵام برینەکانمان هێشتا لە ژێر «گوێنی»یەکانەوە دەردەکەون.

قەڵا (ناسنامە) تەنیا شتێکی ڕاستەقینەیە کە مابێتەوە، هەموو ئەوانی دی (تەکنیکە نوێیەکان، دروشمەکان، گۆڕانکارییە خێراکان)، تەنیا وەهمێکی بینراون کە هونەرمەند بە وردی و بە ئازارەوە لە تابلۆکانیدا کێشاویەتی.